## نەمریی لە ئەدەبدا

نەمر "ئورخانی غاڵب" دە ساڵێک پێش مردنە دڵ تەزێنەکەی کۆمەڵەیەک لە وتارە ئەدەبییەکانی خۆی لە شێوازی کتێبێکدا بڵاو کردەوە. وتارەکان بریتین لە ژین نامە و هەڵسەنگاندنی توانای شیعریی ١٥ شاعیری کلاسیکی کورد، کە لە نالییەوە دەست پێ دەکات و بە حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و مەلای گەورەی کۆیە دا دەکاتە زێوەر و خانی و شێخ لەتیفی حەفید و "هەژار کوردستانی" ، واتە لە راستیدا چەشنە مێژوویەکی ئەدەبی کوردییە لە نێوان ساڵانی ١٨١٦ و ١٩٩٧ دا.

کتێبەکە لە یادی بۆکانیش خاڵی نییە و ١٠ لاپەڕەی ١٢٧ تا ١٣٧ ی تەرخانی نەمر مامۆستا عەبباسی حەقیقی کردوە و لە پەراوێزی وتارەکەدا ئاماژەیەکی کورتی بە نەمران سەیفولقوزاتی قازی و سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) یش کردوە. لە وتارەکەدا ژین نامەیەکی پوخت بەڵام بە کاکڵ بۆ حەقیقی نووسراوە و ئینجا شیعری شاعیر ناسێنراوە:

" لە باری زمانەوە، شیعرەکانی سادە و پەتی و رەوانن ... پڕن لە بۆن و بەرامەی ووشەی ناسک و چەلەنگ و شیرین و گرشەدار و هەست بزوێن و رازی شادی."

نووسەر خۆی وتارەکەی بە "هەوڵدانێکی سەرەتایی" ناو دەبات و لە راستیشدا هەر شتێکی وەهایە، بەڵام بۆ توێژینەرانی دواڕۆژی شیعری حەقیقی سەرچاوەیەکە و نابێ چاوی لێ بپۆشرێت.

ئورخانی غاڵب، نەمریی لە ئەدەبدا – ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر"، ناشر ؟، سوێد ١٩٩٨، ٢٢٣ لاپەڕە، کوردی.

ISBN: ٩١ – ٩٧٣٣٥٤ – ٦ - ٠